بەشی کارگێری کار

# گفتوگۆی ئەکادیمی

کیوان سالم توفیق

2024 - 2023

# یەکتر ناسین

# کارامەییە ئەکادیمییەکان

1.ئەم بابەتە بۆ گەشەپێدانی توانا و شارەزایی قوتابیان لە پەیوەندی و گفتوگۆ و دیبەیتی ئەکادیمی ئامادەکراوە.

2.بابەتەکانی ئەم کۆرسە ڕاهێنانێکە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە پەیوەندییە ئەکادیمییەکان، بۆ دەستخستنی زانست، بۆ وروژاندنی پرسیارە ئەکادیمیەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی.

3.ڕاهێنانێکە لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و

# کارامەییە ئەکادیمییەکان

4. گەشەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە  و داهێنەرانە لای قوتابیان.

5. ڕاهێنانێکە لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ڕێزگرتن لە بیروڕای بەرامبەر و چۆنیەتی ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەکادیمی.

# ناوەرۆکی کۆرس

1. ناساندنی کۆرسبووك
2. ئەرکەکانی قووتابی
3. درووستکردنی گرووپ
4. دیبەیت چیە
5. دیبەیت چۆن ئەنجام دەدریت
6. گفتوگۆی ئەکادیمی چیە؟
7. کارامەییە ئەکادیمییەکان

# ناوەرۆکی کۆرس

8. بیرکردنەوەی رەخنەگرانە
9. بیرکردنەوەی داهینەرانە
10. راپۆرت نووسین و بەشەکانی راپۆرت
11. سیمینار و چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشەکەشکردنی سیمینار
12. پۆستەری ئەکادیمی چیە
13. چۆن پۆستەری ئەکادیمی دروست دەکریت
14. هونەرەکانی گفتوگۆکردن

# ئامانجەکان


- بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دەربرینی لۆجیکییانە.
- ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە.
- گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا.
- بەشێوەیەکی ئەکادیمی گفتوگۆ بکەن



# ئامانجەکان

بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دەربرینی لۆجیکییانە.

- ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە.
- گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا.
- بەشێوەیەکی ئەکادیمی گفتوگۆ بکەن


وانە گوتنەوە
شێوازی گرووپ
جووت قوتابی
ڕێگای پرسیار و وەلام
ڕێگای گفتوو گۆ
ڕێگای شیکردنەوە
سیمینار
پۆل بەڕێوەبردن

# ئەرکەکانی قوتابی

- دروستکردنی گرووپ
- نووسنی راپۆرت
- ئەنجامدانی سیمینار
- هەلبژاردنی بابەت بۆ دیبەیت
- دروستکردنی پۆستەری ئەکادیمی
- تاقیکردنەوە
- بەشداریکردنی رۆژانە لەناو پۆل
- نووسینی وتاری زانستی
- خوێندنەوەی کتێب گفتوگۆکردن لەسەر کتیب و شیکردنەوەی کتیب
- سەیرکردن وشیکردنەوەی فیلم، دۆکیومێنتاری زانستی.

# سیستەمی هەڵسەنگاندن: .

- (10)نمره تاقیکردنەوەیەکی تیۆری لەسەر کاغەز دەربارەی بابەتە تیۆرییەکان،
- 10)نمره لەسەر چالاکی ڕۆژانه: (بەشداری ناوپۆل، هەڵبژاردنی بابەت بۆ دیبەیت، چالاکی کارکردنی بەگروپ)،
- (10)نمره نووسینی ڕاپۆرت،
- (10)نمره پێشکەشکردنی سیمینار دەربارەی ڕاپۆرتەکەی
- تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بریتییە لە ئامادەکردنی پۆستەرێکی ئەکادیمی کە (20)نمرەی لەسەرە ،
- هەروەها ئەنجامدانی دیبەیتێك کە (40)نمرەی لەسەرە.

# دەرئەنجامەکانی فێربوون:

1. بەگەڕخستنی لێهاتوویان لە گفتوگۆکردن و بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ دەربڕینی بیروڕای مانادار و زیرەکانە لە کۆمەڵگەدا.
2. بەکارهێنانی سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە شێوەیەکی چالاك و ڕەخنەگرانە.
3. نیشاندانی توانا و کارامەیی گفتوگۆ و دانوستانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانی تردا.
4. ئامادەکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆی لۆجیکی کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە.
5. دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا تازە سەریان هەڵداوە، هەروەها سەیرکردنی خود وەك بریکارێکی چالاك بۆ چارەسەرکردنیان.
6. نیشاندنی کراوەیی لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکان و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری لەبیروڕای خۆیدا.

# گرووپ

1. فێری کارامەیی کۆمەڵایەتی پێویست دەکات.
2. متمانە بەخۆبوون باشتر دەکات.
3. کاری تیمی ڕێگە بە هەر خوێندکارێک دەدات هەست بکات کە بوونی هەیە و بەهای خۆیان هەیە.
4. کاری تیمی ڕێگە بە خوێندکاران دەدات هەلی فێربوون لە هاوتەمەنەکانیان هەبێت.
5. کاری تیمی هەستی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاراندا بەرز دەکاتەوە.
6. کاری تیمی خوێندکاران ئامادە دەکات بۆ ڕێگاکانی داهاتوویان

https://www.youtube.com/watch?v=I1J2Z_Fgado

https://www.youtube.com/watch?v=gboWf8K_8t0

https://www.youtube.com/watch?v=WbCxRMBFRFA

# دروستکردنی گرووپ

# دیبەیت

# پلانی وانە

- ئامانجی وانە
- دیبەیت چیە ؟
- بۆ دیبەیت؟
- دیبەیت چی بەقوتابیان دەگەیەنێت؟
- سوودەکانی دیبەت

# ئامانجی وانه

- قوتابیان پێناسەو چەمکی دیبەیت بزانن
- قوتابیان تێبەگەن سوورودی دیبەت چیە
- پاشان قوتابیان بزانن چۆن دیبەیت بکەن



# دیبەیت چیە ؟

دیبەیت پرۆسەیەکە تیایدا گفتوگۆیەکی فەرمی دەکرێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو

دیبەیت یارییەکە دوو تیمی یاخود گرووپی دژ بەیەك گفتوگۆ ئەنجامدەدەن گروپێکیان پشتگیری دەکات لە مشتومرو گفتوگۆ و بیرو بۆچوون و ئایدیاکانی خۆیان لەبەرانبەردا بەرهەڵستو نارازین لەگەڵ مشتومرو گتوگۆو بیرو بۆچوون و ئایدیاکانی گرووپەکەی تر



# 2 تیم (گروپ)

1

دووپاتکردنەوە

2

بەرهەڵست(ئۆپۆسۆزیۆن)
دژ، رەتکردنەوە،



بیرو بۆچوونی ئایدیای جیاواز هەیە لەسەر بابەتەکان

پشتگیری دەکەن لە بیرو بۆچوون و ئایدیاکانیان بە پشتبەستن بە بەڵگەی دروست و زانستی

رەتکردنەوەو بەهەڵە دەرخستنی بیرو بۆچوون و ئایدیاکانیان

# بۆ دیبەت ئەنجام دەکەن؟

- کۆکردنەوەو وەرگرتنی زانست و زانیاری باشتر و راستر لەسەر بابەتەکان
- بۆ شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی کێشەو بابەتەکان
- بۆ دۆزینەوەی باشترین بەلگە
- بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی ئایدیاکان
- بۆ هەلسەنگاندنی ئایدیاکان
- بۆ کردنەوەو بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردنی تواناکانی مێشك
- بۆ بەرەوپێشەوەبردنی توانای لە هونەری گفتوگۆکردن و ئارگومێنت
- باشتر کردنی ئاخاوتن و تواناکانی زمان
- بەشێوەیەکی رەخنەگرانە گوێبگریت
- دروستکردنی برواو متمانەبەخۆبوون
- کارکردن بە کۆمەل و دروستکردنی گیانی هاوکاری

# دیبەت چی بەقوتابیان دەگەیەنێت؟


- قوتابیان فێردەکات لە دیموکراسیەت و بیربۆچوونی جیاوازو ئازاد تێبگەن قەبوولی بکەن
- قوتابیان فێری گیانی لێبوردەیی بکات یان فێریان دەکات کە پێداگری نەکەن لە بیرو بۆچوون و ئایدیاکانیان بەلکو بتوانن بەئاسانی بیگۆرن لەکاتێك ئەگەر راست نەبوون
- فێری پێشبرکێی زانستی ببن و مەودای بیرکردنەوەکانیان زۆر فراون بێت لەسەر بابەتەکان

# سوودەکانی دیبەیت

1. بەشداریکردن و سەلماندنی بیرکردنەوە رەخنەگرانەکانت
2. فێربوونی تەواوکردنی گفتوگۆی بابەتێك بە شێوازێکی چڕوپڕو هێمنانەو روون
3. دیبەیت یارمەتی قوتابیان دەدات بە قولی لە ناوەرۆکی بابەتەکان تێبگەن
4. دیبەیت هونەری گفتوگۆ بەشێوەیەکی زانستی بەرەوپێشەوە دەبات، وات لێدەکات فێرببیت زۆر دەرببری بە کەمترین وشە
5. دیبەیت مێشك دەکاتەوەو گەشە بەتواناکانی دەدات، وادەکات فێرە گوێگرتن بیت لە بیرو بۆچوونی دژیشت

# لەبیرت بێت

ئەو کەسەی کە هاوڕا و هاوبۆچوون نیە لەگەڵت زیاترت فێر دەکات، وەك لەو کەسەی کە هاورا و هاوبۆچوونە لەگەڵت



بەش: کارگێڕی کار – ئیواران

کۆلێژ: بەرێوەبردن و ئابووری

زانکۆ: سەڵاحەددین-هەولێر

بابەت: کارامەییە ئەکادیمییەکان

پەرتووکی کۆرس: قۆناغی یەکەم

ناوی مامۆستا: م.سردار عبدالحميد احمد

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس/ Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | دیبەیت |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م.سردار عبدالحميد احمد |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کارگێری کار /بەرێوەبردن وئابووری |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: sardar.ahmed@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٥٦٥٢٨١ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ١<br>پراکتیک: ٢ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستا بۆ قوتابیان یەك جارە لە ماوەی هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | لۆجیك، ئارگیومێنت، دیبەیت، پۆستەر، ریپۆرت، سیمینار |

١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

- ئەم بابەتە بۆ گەشەپێدانی توانا و شارەزایی قوتابیان لە پەیوەندی و گفتوگۆ و دیبەیتی ئەکادیمی ئامادەکراوە.
- بابەتەکانی ئەم بابەتە ڕاهێنانێکە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە پەیوەندییە ئەکادیمییەکان، بۆ دەستخستنی زانست، بۆ وروژاندنی پرسیارە ئەکادیمیەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی.
- ڕاهێنانێکە لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ڕێزگرتن لە بیروڕای بەرامبەر و چۆنیەتی ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەکادیمی.

## ١١. ئامانجەکانی کۆرس:

- بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دەربرینی لۆجیکییانە.
- ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە.
- گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا.
- هەروەها **قوتابیان پێناسەو چەمکی دیبەیت بزانن**
- **قوتابیان تێبەگەن سوودی دیبەت چیە**
- **پاشان قوتابیان بزانن چۆن دیبەیت بکەن**
-

## ١٢. ئەركەكانی قوتابی:

قوتابی بەپرسیارە بەرامبەر بە ئامادەبوون لەوانەكاندا و هەروەها تۆماركردنی تێبینی و سەرنجەكان لەكاتی وانەكانی ڕۆژانەدا، هەروەها بەرپرسیارە لە هەڵبژاردنی بابەتێك بۆ ئەوەی دیبەیتی لەبارەوە بكات، بە ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتەكە و پێشكەشكردنی لەناو پۆلدا. هەروەها بەرپرسیارە لە ئامادەكردنی پۆستەرێك لەسەر ڕاپۆرتەكەی و لە كاتی تاقیكردنەوەكان كە ٣ تاقیكردنەوەی پراكتییە لەناو پۆلدا ئەنجام دەدرێ.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

تەواوی تاقیکردنەوەکان بەشێوەی پراکتیکی دەبێت لەناو پۆلدا ئەنجام دەدرێت:

(١٠)نمرە تاقیکردنەوەیەکی تیۆری لەسەر کاغەز دەربارەی بابەتە تیۆرییەکان،

١٠)نمرە لەسەر چالاکی ڕۆژانە: (بەشداری ناوپۆل، هەڵبژاردنی بابەت بۆ دیبەیت، چالاکی کارکردنی بەگروپ)،

(١٠)نمرە نووسینی ڕاپۆرت،

(١٠)نمرە پێشکەشکردنی سیمینار دەربارەی ڕاپۆرتەکەی دەبێتە ٤٠٪ نمرەی کۆشش بۆ قوتابی. تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بریتییە لە ئامادەکردنی پۆستەرێکی ئەکادیمی کە (٢٠)نمرەی لەسەرە ، هەروەها ئەنجامدانی دیبەیتێك کە (٤٠) نمرەی لەسەرە.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

١. بەگەڕخستنی لێهاتوویان لە گفتوگۆکردن و بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ دەربڕینی بیروڕای مانادار و زیرەکانە لە کۆمەڵگەدا.

٢. بەکارهێنانی سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە شێوەیەکی چالاك و ڕەخنەگرانە.

٣. نیشاندانی توانا و کارامەیی گفتوگۆ و دانوستانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانی تردا.

٤. ئامادەکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆی لۆجیکی کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە.

٥. دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا تازە سەریان هەڵداوە، هەروەها سەیرکردنی خود وەك بریکارێکی چالاك بۆ چارەسەرکردنیان.

٦. نیشاندنی کراوەیی لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکان و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری لەبیروڕای خۆیدا.

٧. نیشاندانی مەریفە لە ناوەندەکانی فێربووندا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ سوودی گشتی.

lic Speaking" 4nd ed. Pearson Education, Inc. Louisiana.

## ١٧. بابەتەکان

ناساندنی کۆرسبووك

ئەرکەکانی قووتابی

درووستکردنی گرووپ

دیبەیت چیە

دیبەیت چۆن ئەنجام دەدریت

گفتوگۆی ئەکادیمی چیە

کارامەییە ئەکادیمییەکان

بیرکردنەوەی رەخنەگرانە

راپۆرت نووسین و بەشەکانی راپۆرت

سیمینار و چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشەکەشکردنی سیمینار

پۆستەری ئەکادیمی چییە

چۆن پۆستەری ئەکادیمی دروست دەکریت

هونەرەکانی گفتوگۆکردن


ئەنجامدانی دیبەت لەناو پۆل

دەربرین و وەرگرتن

وتارنووسین

شیکردنەوەی کتیب

دیبەتی کۆتایی.



# بیرکردنەوەی داهێنەرانە



# بیرکردنەوە

کارامەیی بیرکردنەوە چالاکییەکی عەقڵیە بەکار دێت بۆ پرۆسێسکردنی زانیاری و مەعریفەکان، دروستکردنی پەیوەندی، بڕیاردان و دروستکردنی بیرۆکەیەکی نوێ.

تۆ توانای بیرکردنەوەت بەکاردەهێنیت کاتێک هەوڵدەدەیت بەشێوەیەکی دروست چارەسەری کێشەکان بکەیت و بڕیاربدەیت، پرسیاربکەیت، پلان دابنێیت، زانیارییەکان ڕێکبخەیت.

# بیرکردنەوەی داهێنەرانە



کاتێك مرۆڤ رووبەرووی کێشەیەك دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت چارەسەری بکات، رێگای نوێ دەگرێتەبەر چارەسەری داهینەرانەی بۆ دەدۆزێتەوە.

واتە:

بیرکردنەوەی داهێنەرانە وا لە مرۆڤ دەکات کە بتوانێت بە شێوەیەکی جیاواز لە کێشەکان نزیک بێتەوە و چارەسەری نوێ و داهێنەرانە بدۆزێتەوە بە پێچەوانەی پەیڕەوکردنی رێگا باوەکان.



هەموو مرۆڤێکی خاوەن عەقل(ژیر) کارامەیی بیرکردنەوەی هەیە، بەلام هەموو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی کاریگەرانەو داهینەرانە بەکاری ناهینێت.



بیرمەندە باشەکان ئەگەرەکان دەبینن کە ئەوانی تر تەنها بەربەست دەبینن.




بیرمەندە باشەکان توانایی ئەوەیان هەیە پەیوەندی لە نێوان هۆکارە جیاوازەکاندا دروست بکەن و دەتوانن بەیەکەوەیان ببەستنەوە


هەروەها توانای پەرەپێدانی چارەسەری نوێ و ناوازەیان هەیە بۆ کێشەکان



ئەوانە پێمان دەڵێین کە پێویستە ئێمە لەدەرەوەی سندووقەکە بیربکەینەوە.



مێشکی ئێمە وەك سندووقێك وایە ، هەرچی زانست و زانیاری، بیرو باوە، فکرەو بیرۆکە هەیە، لەناو ئەم سندوقەدا هەیە.



لەکاتی هەبوونی هەرکێشەیەك لەهەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان، پەنا دەبەین بۆ ئەم زانست و زانیاری و بیروباوەر بیرۆکانەی کەهەمانە لەناو ئەم سندوقەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەی باوە.

بەلام جۆرێکی تر لەبیرکردنەوە هەیە ئەویش بیرکردنەوە لەدەوەرەی سندووقەکە (یان بیرکردنەوە لەدەرەوەی مێشك و بیرمان) واتەبیرکردنەوە لە دژە باو یان زۆرینە.

واتە نابێت من وەك تۆ بیر بکەمەوە، تۆ وەك من بیربکەیتەوە، یان ئێمە وەك دایك و باوکمان بیربکەینەوە، ئەگەر هەموومان وەك یەك بیرمان کردەوە روونادات. ئەوە داهینان نویگەری




ناتوانم بە بیرکدنەوەی سادەیی لادێ بیر لە ئاڵۆزی جەنجالی شار بکەمەوە.
(چارەسەرکردنی کێشەکان لە گوند ئاسانتر بوون لە کێشەکانی ناو شار)


بیرکردنەوەی ئاسایی( باو) یەك وەڵام بۆ یەك پرسیار




بیرکردنەوەی داهێنەرانە چەندین وەڵام بۆ یەك پرسیار



- بیرکردنەوەی داهێنەرانە واتە: توانایی سەیرکردنی شتەکان یان کێشەکان لە ڕوانگەو گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە.




- دروستکردنی چارەسەری ناباو بۆ ئاستەنگیەکانی ڕۆژانە. بیرمەندانی داهێنەر چالاکانە بەدواداچوون بۆ ڕێبازە جیاوازەکان دەکەن بۆ کێشەیەک یان ئاستەنگیەك بۆ هاندانی داهێنان و گۆڕانکاری و پێشکەوتن.







Baby Yoda










باز دەفڕێت.
ئەی چۆن وابکەین بەراز بفڕێ؟





# ناساندن و تیگەیشتن لە کێشەکە (ڕووداو، بابەت،)

پێش ئەوەی هەولی ئەوە بدەیت کێشەکە چارەسەر بکەیت، پێویستە بە تەواوی لەو کێشەیە تێبگەیت. لەوانەیە هەندێک وردەکاری هەیە نەیزانیت یان بە هەڵە لێی تێگەیشتبیت.

# کۆکردنەوەی زانست و زانیاری

کاتێک زانیت کێشەکە چییە، پێویستە هەموو شتێک لەو بارەیەوە بزانیت. کێشەکە کاریگەری لەسەر کێ هەیە؟ کێ بەشدارە لە چارەسەرکردنی کێشەکە؟ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە تواناتدا بێت کۆبکەرەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر لە پرسەکە بەدەستبهێنیت و چارەسەری بکەیت.

# پرسیاری دابڕێژە

دوای ئەوەی وردەکارییەکانت کۆکردەوە، کێشەکە بکە بە پرسیار. پرسیارەکە بە شێوەیەک قسە بکە کە هاندەری پێشنیار یان بیرۆکە بێت. کورتە و پوخت بێت و تەنها لەسەر یەک پرس بێت. کاتێک یەک یان دوو پرسیارت دروست کرد، دەست بکە بە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان.

# بیرۆکەکان بکۆڵەرەوە

ئەم هەنگاوە لەوێوە دەست پێدەکات، کە کە گەردەلوولی مێشك دەستپێدەکات، یان مێشك دەوروژێنرێت. واتە بیرۆکە یان ئەگەرەکانی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە دروست دەکەیت کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە.

بەزۆری ئەمە کاتێکە کە بەڕاستی داهێنانەکە دەست بە درووستبوون دەکات.

لەگەڵ زۆری بیرۆکەکان کە درووست دەبن، زۆر گرنگە کە هەریەکەیان بنووسیت- تەنانەت بیرۆکە گەمژەکانیش. تەنانەت ئەگەر ئەو بیرۆکەیەی کە دێیتە پێشەوە چانسی کارکردنی کەم یان هیچی نەبێت، بینووسە. هەوڵدان بۆ یەکلاییکردنەوەی بیرۆکە خراپەکان لە بیرۆکە باشەکان لەم هەنگاوەدا دەتوانێت داهێنان بشکێنێت

# هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان (چارەسەرییەکان ، وەلامەکان)

هەلسەنگاندن بۆ گشت بیرۆکەکان بکە بیرۆکە، بزانە کام بیرۆکە یان وەلام ئەگەرە بۆ  چارەسەرکردنی کێشەکە. ئایا دەتوانیت بە سەرکەوتوویی جێبەجێی بکەیت. ئەگەر  ئەم بیرۆکەیە کێشەکەی چارەسەر نەکرد، بچۆ بۆ بیرۆکەی داهاتوو. هەڵسەنگاندنی هەر بیرۆکەیەک یارمەتیت دەدات باشترین و بەهێترین بیرۆکە یان وەلام هەلبژێریت بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکە.

# هەنگاونان و جیبەجێکردن و چارەسەرکردنێکی گونجاو

هەنگاو بنێن لەگەڵ دروستکردنی پلانەکەت و تیمەکەت، کاتی ئەوە هاتووە چارەسەرەکەت جێبەجێ بکەیت و کێشەکە چارەسەر بکەیت.

# سیمینار

سیمینار یەکێکە لە تەکنیک و هونەری ڕێگاکانی وانە وتنەوە یان دەتوانێت بلێن شێوازیکە لە شێوازەکانی وانەوتنەوە، کە تێیدا یەکێک یان چەند کەسێک (گروپ) کۆمەلێک زانست وزانیاری تایبەت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەخەتەروو وپێشکەشی دەکەن کەسی پێشکەشکار شیکردنەوە و لێکدانەوە دەکات بۆ لایەنە گرنگ وئالۆزەکانی ناوەرۆک و مەبەستی بابەتەکە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ناوەرۆکەکە.

# سیمینار

واته کەسی پێشکەشکار یان ئەوەی کە سیمینار پێشکەش دەکات، لەکاتی ئەنجامدان و پێشکەش کردنی سیمینارەکەی سێ لایەنی یان ئاماژە و تیشک دەخاتە سەر سێ لایەنی گرنگی بابەتەکەی کە ئەمانەن:

١-ئامانجە سەرەکیەکانی بابەتەکە.

٢-بیرۆکە سەرەکیەکانی بابەتەکە.

٣-هەندێک لایەنی گرنگی بابەتەکە.

تایبەتمەندیەکانی پێشکەش کردنی سیمینار بەگروپ برتین لەمانە:

دروست کردنی یان دروست بوونی کارلێک کردن ئەم کارلێک کردنەش دوولایەن دەبێت:

١-پێویستە هەموو ئەندامانی گروپ لەگەڵ یەکتری کارلێک بکەن و پەیوەندیەکی دۆستانە و زانستی پەروەردەیان هەبێت.

٢-هەموو ئەندامانی گروپەکە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بابەتەکە کارلێک بکەن.

چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشکەش کردنی سیمینار :

١-دەست نیشان کردنی ناونیشان (بابەت) پێویستە هەموو ئەندامانی گروپ بەشداربن لەدەست نیشان کردنی بابەت.

٢-پێویستە لەسەر ئەندامانی گروپ بزانن کە سیمینار پێشکەشی کێ دەکەن یاخود ئامادە بوان کێن.

٣-پێشاندانی ناونیشانی سیمینارەکە و ئەو کەسەی کە پێشکەشی دەکات، دوای پێشاندانی ناونیشانەکە خستنەرووی کورتەیەک لەناساندنی ناونیشانەکە.

٤-پلانی سیمینارەکەت (ئاوت لاین) دەخەیتەروو.

٥-ئامانجی سیمینارەکەت دەخەیتەروو.

٦-خستنەروو و پێشکەش کردنی سیمینارەکەت (بیرۆکە سەرەکیەکان، لایەنە گرنگەکانی بابەتەکەت) شیکردنەوە و لێکدانەوە باسی راڤە وهەموو لایەنە گرنگەکان.

٧-ئەنجام و کۆتایی دەخەیتەروو (هەندێک جار ئەنجامەکان، پێشنیار، راسپاردە، چارەسەربن.

٨-هێشتنەوەی کات بۆ پرسیارەکانی ئامادەبووان، لەسەر کەسی پێشکەشکار پێویستە وەلامی پرسیاری ئامادەبووان بەشێوەیەکی زانستی بداتەوە.

پلان

سلاو ناساندن ( به ئامادەبووان بڵێ تۆ کێی)

ئامادەبووان بناسە

خستنەڕووی پلان (ئاوت لاین)

جەخت بکەوە تەنها لەسەر خاڵە سەرەکی و گرنگەکان

زمانی جەستە

# راپۆرت



# راپۆرت:

بەشێکە لە دۆکیومێنت، دەنووسرێت لەسەر بابەتێك بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەدەستهێنانی ئامانجێك.

لەناو راپۆرت چەند زانیارییەکی زۆر تایبەت و گرنگ شیکراونەتەوەو جێبەجێ کراوە لەسەر کێشەیەکی دیاریکراو یان بابەتێکی دیاریکراو.

زۆربەی کات راپۆرت راسپاردەو پێشنیار دەکات بۆ چارەسەری کێشەکان دەکات لە داهاتوو.

چەند جۆریك لەنووسینی ئەکادیمی هەیە بۆ نموونە: لە <u>وەسفی</u>، <u>شیکاری</u> و <u>ڕەخنەیی</u>. هەریەکێک لەم جۆرە نووسینانە تایبەتمەندی و مەبەستی تایبەتی زمانی هەیە. لە زۆرێک لە دەقە ئەکادیمییەکان پێویستت بە بەکارهێنانی زیاتر لە جۆرێک دەبێت.

ڕاپۆرتی ئەکادیمی بۆ پێشکەشکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەیەک، ڕاپرسییەک، یان شێوازێکی تری توێژینەوەی زانستی بەکاردەهێنرێت.

# بەش و پێکهاتەکانی



# ناونیشان

- هەنووکەیی بێت  یاخوود کێشە بیت
- کوورت بێت و مەبەستدار بێت
- روون بێت
- سەرنج راکێش بێت
- زانستی بێت

**هۆکارەکانی هەلبژاردنی ناونیشان:**

حەزوو ئارەزووی توێژەر
پاشخانی زانستی و توێژەر
خوودی بابەتەکەش پێداویستی ئێستاو کۆمەلگا بیت

# ليستى ناوەرۆك

ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| III | **پێشەکی** |
| IV | هۆکاری هەلبژاردنی ئەم ناونیشانە |
| IV | کێشەی تویژینەوە |
| V | ئامانجی تویژینەوە |
| V | ڕێگاکانی تویژینەوە |
| VI | سوودی تویژینەوە |
| ١ | **بەشی یەکەم: (ناساندنی چەمک و زاراوەکان)** |
| ١ | **سیستەمی پەروەردەو فێرکردن** |
| ١ | **پەروەردە** |
| ٣ | فێرکردن |
| ٤ | مامۆستا |
| ٦ | قوتابی |
| ٧ | قۆناغی بنەرەتی |

# پێشەکی

بەگشتی بەکورتی لەسەر بابەتەکەت دەدوێی بە پەرەگرافێك، کورتکراوە، *پرسیاری توێژینەوە*، هۆکاری هەلبژاردنی بابەت. ئامانج،رێگای لێکۆلینەوە، سودی لێکۆلینەوەکە، دیراسات سابیقە، ئەنجامی بەکورتی).

## ناوەرۆك تیۆری:
## کرداری: شیکردنەوەو تاوتوێکردن

- لەم بەشەدا باس لە کاریگەرییەکانی دۆزینەوە نوێکانت دەکەیت،
- ڕوونیان دەکەیتەوە و پەیوەستیان دەکەیت بە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو،
- ئەو بابەتە نوێیانەت کەدۆزینەوەتەوە لێکدەدەیتەوە و باس لەوە دەکەیت کە ئەم دۆزینەوانە چۆن وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەت.
- هەروەها پێویستە باسی هەر سنووردارکردنێکی کارەکەت بکەیت، وەک قەبارەی نمونە یان داتا ونبووەکان، و باس لەوە بکەیت کە چۆن دەتوانیت ئەو کێشانە لە کارەکانی داهاتوودا چارەسەر بکەیت.

# ئەنجام

دەرئەنجام یان راسپاردە، پێشنیار یان چارەسەری گونجاو بخرێتەروو لەکۆتای

# لسیتی سەرچاوە

ئەمین رەزا، عمر محمد. (2009). سیستەمی نوێی خویندن و گۆڕانکاری، سلێمانی.

هەگبەی پرسیار بۆ بابەتی کارامەییە ئەکادیمییەکان
2023-2022

1. بۆ دیبەت ئەنجام دەکەن؟
2. دیبەت چی بەقوتابیان دەگەیەنێت؟
3. بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دەربرینی لۆجیکییانە چیە؟
4. چۆن ڕێز لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە بگرین؟
5. گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا چیە؟
6. **سوودی دیبەت چیە؟**
7. **چۆن دیبەیت بکەن؟**
8. **دیبەیت چیە؟**
9. **چۆن راپۆرتێکی زانسنی ئامادە دەکەین؟**
10. **بیرکردنەوەی راخنەگرانەچیە؟**
11. **چۆن لەدەرەوەی سندوقەکە بیر بکەمەوە؟**
12. **چۆن زانستییانە بدوێم؟**

# هەگبەی پرسیار بۆ بابەتی کارامەییە ئەکادیمییەکان
# 2023-2022

13. **رەخنەی بینیاتگەر چیە؟**
14. چۆن بتوانم سیمینارەکەی کاریگەر پێشکەش بکەم؟
15. سیمینار چیە؟
16. پۆستەری ئەکادیمی چیە؟
17. چۆن سەرچاوەی باوەڕپێکراو زانستی بەکاربێنم بۆ نوسینەکانم؟
18. چۆن بەڵگەی زانستی بهێنمەوە؟
19. بەش و پێکهاتەکانی راپۆرتی زانستی چین؟
20. بەش و پێکهاتەکانی پۆستەری ئەکادیمی چین؟
21. چۆن متمانەم بەخۆم بێت؟
22. چۆن توانا کارامەییەکان بەکاربهێنم؟
23. چۆن نەرمونیان بم لە گۆرینی بۆچوونەکانم؟
24. چۆن بتوانم بە گروپ یان بەتیم کار بکەم؟
25. کارکردن بە تیم چیە؟
26. **بیرکردنەوەی داهێنەرانە چیە؟**
27. **چۆن ناونیشان هەبژێرم؟**
28. **تایبەتمەندی ناونیشان چیە؟**
29. **هەنگاوەکانی چۆنیەتی بیرکردنەوەی داهینهرانە چین؟**
30. هونەرەکانی گفتوگۆ چین؟